www.kurdistannet.org
26-2-2007 16:03 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## رۆشنبیر و ماسكەكان ... تامان شاكر



هەموو ئەو گۆرانكاریانەی لە دونیادا روودەدەن كاری كەسانی زاناو پسپۆرو رۆشنبیرانی ئەو وڵاتەیە لە بوارە جیاجیاكانی ژیاندا، كەلە خەمی نەوەكانی داهاتوودان و بیر لە چارەنووسی نەتەوەكەیان دەكەنەوە، شەو رۆژ لەسەر یەك دادەنێن بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە خزمەتی میلەتەكەیان و سەرجەم مرۆڤایەتی بكەن، لە دونیای دەرەوەدا لەو شوێنانەی كە ئینتیما هەیە بۆ ژیان و نیشتمان، لە شوێنانەی یاسا سەروەرە، لەو شوێنانەی كە هێشتا مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی سوود بەخش چاوی لێدەكرێ، رۆشنبیر رۆڵی سەرەكی و پێشەنگ دەبینێ.

لە دوای دابەش كردنی كوردستان لە لایەن زلهێزەكانی جیهانەوە و چەوساندنەوەی ئەو گەلی كورد لەلایەن داگیركەرانی كوردستانەوە هەوڵدراوە لەگەڵ شەری چەكداریدا شەرێكی فەرهەنگی لە كوردستان بكرێت بۆ ئەوەی كوردستان و گەلەكەی بە پارچەكراوی بمێنتەوە، لە سەروی هەمووشیانەوە بێكەسایەتی كردنی تاكی كورد مەبەستی گرنگی سەرەكی داگیركەران بووە.

دوای رزگاربوونی باشووری كوردستان هەمومان ئاواتمان ئەوە بوو لە ئازادیدا ژیانێكی تازە فێر بین و بتوانین كەسایەتی مرۆڤی كورد دووبارە بنیات بنێینەوە بۆ ئەوەی نەوەیەكی تەندروست پەروەردە بكەین، بەڵام ئەوەی روویدا پێچەوانەوەی ئەوە بوو چاوەرێمان دەكرد، ئەو نوخبە رۆشنبیرەی كەچاوەروانی گۆرانكاری لێدەكرا، بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگ لە گشت گۆڕانكاریەكاندا، بوو بە خاوەنی دەیان ماسك و بۆ هەر بۆنەو، بۆهەر شوێنێك بە چەشنێ خۆی دەگۆرێ. لە هەربازگەیەكدا ناسنامەیەكی پێیە، باس لە نەتەوە بكرێت، ئەو نەتەوە پەرستی عەیار بیست وچوارە، باس لە مافی ژن بكرێت، ئەو یەكەم داكۆكی كارە لە مافی ژنان و بروای بە پرەنسیبەكانی یەكسانی هەیەو، جوانترین بابەتیش بۆ رۆژنامەكان دەنووسیت، كەچی خۆی مافی ژنەكەی و خوشكەكەی هاورێكانی و كچەكەی پێشێل دەكات، جوانترین هۆنراوە بۆ خۆشەویستی دەنووسێ و تۆزقاڵێك خەڵكی خۆش ناوێت، باس لە حەق دەكات و هەر خۆشی ناحەقی بەرامبەر بە كەسانی تر دەكات و بە سووكی ناویان دەبات و مافەكانیان پێشێل دەكات، باس لە گەندەڵی دەكات نەك لە پیناو بنبڕكردنی گەندەڵی، بەڵكو خۆی دەیەوی ببێتە بەشێك لە گەندەڵی، باس لە دزیەكانی خەڵك دەكات و ئەوانەی خۆی دەشارێتەوە، باس لە درۆكانی خەڵك دەكات، خۆی راستی بەدەمدا نایەو تا ژێر لێفەكەشی درۆدەكات،

باس لە پەرپرسیاریەتی و سەروەری یاسا دەكات، بەرامبەر هیچ شتێك خۆی بە بەرپرسیار نازانێ بۆی بكرێت هەموو كاتێك یاسا پێشێل دەكات.

باس لە مۆدیرنەو پۆست مۆدیرنە دەكات خۆی دواكەوتووترین كەسی كۆمەڵگەیە، دژی هەموو پێشڤەچوونێكە، لە ناكاو بە بێ تەلەفۆن خۆی بە ماڵاندا دادەكات.

باس لە پاكوخاوێنی دەكات، تف و بەڵغەم فرێدەداتە سەرشەقام بۆ شێواندنی مەزاجی خەڵك و قوتووی بە تاڵی بیبسیەكەشی لە جامی ئۆتۆمۆبیلەكەی فرێدەداتە دەرەوە لە ناوەوەش بۆگەنی كردووە و خەریگە بۆگەناوەكەی شار هەراسان دەكات،

لە ئاست مەسەلە هەستیارەكان كە لە بەرژەوەندی گشتیشدایە، ویژدانی سڕە و نەبای دیوەو نە باران.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە ناو هەموو گروپەكانی ئەم ولاتەدا هەوڵ دەدات تەكەتوول دروست بكات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی و لەتكردنی هەموو دەستەو تاخمێك، دە كەس لەو رۆشنبیرانە ناتوانن بەیەكەوە كاربكەن، ئەوەندەی رق زۆرە لە ناو ئەو توێژەدا خۆشەویستی نییە، ئەوەندەی وێرانكاری هەیە چاكسازی نییە، ئەوەنە دەی درۆ دەوتری راستی دەگمەنە، لە هەموو ئەمانەشدا رۆشنبیران تاوانبارن چونكە ئەوان خۆیان نین شتێك دەڵێن شتێكی تر دەكەن، بە پێی شوێن و دەورو بەر ماسكەكانیان دەگۆرن بۆیە كەس باوەریان پێناكات، ئەگەر ماسكەكانیان لێ دابماڵی رووی راستەقینەیان دەر بكەوێ، دلنیام ئەوەندە قیزەوەنن كە كەس یەك دێر لە نووسینەكانیان ناخوێنێتەوە. چونكە دەكرێ خوێنەران سەرسام بن بە نووسینی هەندێك لەو نووسەرو رۆشنبیرە ماسكەدارانە بەلام كاتێك ماسكەكان لادران، ناسنامە جۆراو جۆرەكان وەرگیرانەوە، رووی راستەقینەی مرۆڤەكان دەركەوت و، ئەو كاتە هەموومان نەفرەت لە رۆشنبیری ساختە دەكەین

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.